**بەرێزان لە کۆمیتەی مووفەکان**

**سلاویکی گەرم**

**هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانتان دەخوازین هیوادارین کارەکانتان بەرهەمێکی بەرچاوی هەبیت بۆ مافەکانی ئەم گروپە کە ناسراون بە مووف.**

**بەرێزان وەك خۆتان دەزانن لە شوباتی 2005 کاتیك پرۆژەی چارەسەری موفەکان لەلایەن وەزیری شارەوانی ئەوکاتی حکومەتی نەرویج هاتە پیشەوە. بەداخەوە بۆ وەرگرتنی مافی کار و مانەوە لەم وولاتە بۆ مووفەکان سێ مەرجی بنەرەتیان دانا، لە کوتایشدا هەمان پرۆژەکەی وەزیری ناوبرا لە پەرلەمان دەنگیان بۆ دا،**

**هەرچەندە ئەو کاتی نیونەرانی پارتی چەپ زۆریان هەولدا ئەم مەرجانە لابەبرێن، بەلام بەهۆی کەمی ژمارەیان سەرکەوتو نەبوون.؛**

**مەرجەکانیش ئەمانەن**

**ـ نەبوونی تاوان لەم ولاتە.**

**ـ نەبوونی کێشە لەسەر ناسنامە.**

**ـ هەبوونی کاری بەردەوام، دەبیت کەسەکە پیش 1/ 4/ 2005 کاری هەبوبیت.**

**ئەمرۆش ئەوانە وەلامی نەگیتیف لە داواکاریەکایەنان وەردەگرن، هەموویان یەکی لەم کەم کوریانەیان هەیە، بۆیە ئەگەر ئیمە بەمانەویت دەسەلاتی ئەمرۆی نەرویج چارەسەرێك بۆ موفەکان بەدۆزنەوە دەبیت ئەم مەرجانە لا بەبرێن، ئەم کارەش تەنیا لە دەسەلاتی پەرلەمان دایە، بۆیە دەبیت لە رێگای نوینەرانی چەپی سوسیالیست ئەمە بگەینینە پەرلەمان.**

**هەرچەندە هیچ کەسیك ناتوانی بەرگەری لەوانە بکات کە تاوانیان لەم ولاتە هەیە،هەرچەندە تیگەیشتنی ئیمە جیاوازە لەگەل وان لە زاراوەی کرمینال، چونکە ئەوان هەموو یاسا شکینیك بە کرمینال دادەنین. بەلام دەتوانرێت مەرجەکانی تر بۆ وەرگرتنی مافی کار و مانەوە لەم ولاتە چاو پۆشی لیبکریت. یان سووك بکرێت بۆ نەموونە ئەوانەی دەسەلاتی نەرویج گومانی لە دیکومینتەکانیان هەیە دەتوانرێ بە هینانی پاسەپۆرتی ( گ ) لە بالیوزخانەی عیراق لە ستوکهولم یان تەسدیق کردنی لەلان بالیوزخانەی ناوبرا چارەسەر بکرێت، خالی سێیەم کە کارە دەتوانرێت وەك مەرجێکی سەرەکی لە یاساکە نەمێنیت ،**

**بەرێزان هەرچەندە ئیوە بەنیازی مانگرتنن، بەلام باشە بتوانن بەباشی خۆتان بۆ ئەم کۆنفراسە ئامادەکەن کە لە مانگی شوبات بۆ مووفەکان دەبەسترێت. بۆ نمونە بتوانرێت هەم بەنووسین هەم کەسەکە خۆی ئامادەبیت بتوانی قسان بکات کە لەبەر نەبوونی مۆلەتی کار لە 2005 کاری لەدەست داوە تا کاریکی تری دۆزیوەتەوە بۆتە مانگی پێنج ئیستاش دەلین تۆ مانگی چوار کارت نەبووە یان ئەوانەی نەخوشن یان ئەوکاتی مولەتی نەخوشیان هەبووە یان ئەوانە خیزاندارن و منالەکانیان لیرەیە.**

**لەگەل رێزماندا**

**رێکخراوی نەرویجی**

**حزبی شیوعی کوردستان**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com